# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٣٢) ساڵی هەژدەهەم ٢٤/ کانونی دووەم/ ٢٠١٩/زایینی ٤/ڕێبەندان/ ٢٧١٨کوردی ١٨/جمادی یەکەم/ ١٤٤٠ کۆچی

232

## لەم ژمارەیەدا :

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ١
ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

**ڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ل ٩
لە شوێن دانانی فەرمانبەری گرێبەست

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ل ١٠
ئامادەکردنی خواردن

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ١١
هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠١٥ تایبەت بە فراوانکردن و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ١٢
هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ تایبەت بەڕێکخستنی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن وهەبوونی چەك

**بەیانی (١)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی داد** — ل ١٣

**بەیانی (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی داد** — ل ١٤

**بەیانی (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی پەروەردە** — ل ١٥

**بەیانی ( ٥٨ — ٦٠ )ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی تەندروستی** — ل ١٦

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤):

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٣٢) السنة الثامنة عشرة ٢٤/ كانونى الثانى/ ٢٠١٩ ميلادي ٤/ رێبەندان/ ٢٧١٨ / كوردي ١٨/ جمادى الأول/ ١٤٤٠ هجري

232

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


**فـي هذا العدد:**

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


| | |
|---|---|
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٨ وزارة الداخلية | لا ١ |
| تعليمات رقم (٢١) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٩ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد | لا ١٠ |
| بيان رقم (١٧) لسنة ٢٠١٨ وزارة الداخلية | ص ١١ |
| بيان رقم (١٨) لسنة ٢٠١٨ وزارة الداخلية | ص ١٢ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٨ وزارة العدل | ص ١٣ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠١٨ وزارة العدل | ص ١٤ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة التربية | ص ١٥ |
| بيان رقم (٥٨ - ٦٠) لسنة ٢٠١٨ وزارة الصحة | ص ١٦ |



No. 232 Date : January , 24 , 2019 Vol.: 18

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٩٩٣١ لە ٢٠١٨/١٢/١٨**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان**

**پێناسەکان**

**مادده (١):**

مەبەست لەم زاراوانەی لای خوارەوە ئەو واتایانەیە کە لەبەرامبەریان دیاری کراوە بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە:

١- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی:بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لە (هەولێر - سلێمانی- دهۆك- گەرمیان - ڕاپەڕین – سۆران) .

٣- بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی:ئەو سەنتەرەیە کەلەبەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان دادەمەزرێن وپێکهاتەی گارکێڕی لەسەر ئاستی بەش دەبێت و دەلکێندرێن بە بەرێوەبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لەسنوری کارگێڕی خۆیان.

٤- فەرمانبەر: ئەو فەرمانبەرانەی لەسەر ڕاژەی شارستانی میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی هەمیشەیی دامەزراون.

٥- شارەزا:ئەو کەسەیە کەپسپۆرە لەبواری ( یاسایی یان دەرونناسی یان کومەڵناسی) و هەڵگری بڕوانامەی بەکالوریوس و شارەزایی لەبواری خۆیدا هەیە و کارکردنی بۆ ماوەیەك لە(١٠ )ساڵ کەمتر نەبێت .

٦- خزمەتگوزاری: خزمەتگوزاری یاسایی، دەروونی، کومەڵایەتی، ئاینی ، تەندروستی ، هوشیاری کەبەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی پێشکەشی دەکەن بەو هاوڵاتیانەی سەردانیان دەکەن.

٧- لێژنەی ئاشتەوایی: ئەو لێژنەیەیە کە لەبەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی پێك دەهێنرێن بەمەبەستی کارکردن بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی لەنێوان ئەو لایەنانەی بەپێی ماددەی (٥) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لەلایەن دادگاکان ئاراستەیان دەکرێت .

**مادده (٢):**

مەبەست لەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنەوەی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هێنراوەتنەکایەوە و بۆ کاراکردنی زیاتری ڕۆڵیان و چالاککردنی زیاتری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بەهاوڵاتیان دەکرێت لەم بەشی سەنتەرانە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەیسانەی لەلایەن دادگاکانەوە ئاراستە دەکرێن بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکان وهوشیارکردنەوەیان لەبارەی نەرێنی دیاردەی توندوتیژی .

**مادده (٣):**

بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لەم هۆبانەی لای خوارەوە پێك دێت:

**یەکەم:** هۆبەی خزمەتگوزاری یاسایی ، دەروونی ، کومەڵایەتی:

کاری ئەم هۆبەیە پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری خێزانی دەبێت لەڕووی (یاسایی ، دەروونی ، کومەڵایەتی) بەو کەسانەی بەئارەزوومەندانە داوای ڕاوێژکار دەکەن ، هەروەها ئەو حاڵەتانەی لەلایەن هێلی گەرمی بەڕێوەبەرایەتی وەردەگیرێت و ڕەوانەی بەشی سەنتەر دەکرێت.

**دووەم:** هۆبەی لێژنەی ئاشتەوایی:

١- ئەرکی ئەم هۆبەیە وەرگرتنی ئەو کەیسانەیە کەلەلایەن دادگاکان ڕەوانەی بەشی سەنتەرەکان دەکرێن و ڕێکخستنی کاروبارەکان و وەڵامدانەوەیان بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاشتەوایی لە نێوانیان .

٢- لێژنەیەك یان زیاتر پێك دەهێنرێت لە(٣) شارەزا لەبواری (یاسایی، دەروونی، کومەڵایەتی ، کاری کۆمەڵایەتی)کەهەڵگری بڕوانامەی بکلۆریوس بن و باشتر وایە لەمامۆستایانی زانکۆ بن.

٣- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەلایەن هوبەی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی و کومەڵایەتی ڕەوانە دەکرێت کەلایەنە ناکۆکەکان ئارەزووی تۆمارکردنی سکاڵا ناکەن و بەئارەزوومەندانە داوای ڕاوێژ دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

٤- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەڕێگای هێلی گەرم ڕەوانەی بەشی سەنتەر دەکرێن.

٥- نابێت ئەفسەر یان فەرمانبەرانەی بەرێوەبەرایەتی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەندام بن لە لێژنەی ئاشتەوایی جگە لەو فەرمانبەرانەی کە پلەی شارەزایان هەیە.

**سێیەم:** هۆبەی خزمەتگوزاری هۆشیاری:

١- ئەرکی ئەم هۆبەیە هۆشیارکردنەوەی ئەو لایەنانەیە کەسەردانی بەشی سەنتەر دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان یان وەرگرتنی ڕاوێژکار.

٢- هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی سەردانی بەشی سەنتەر دەکەن لەڕووی (یاسایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە،لەڕێگای دابەشکردنی کتێب یان نامیلکە یان پۆستەر یان برۆشۆر یان بەشێوەی هۆشیارکردنەوەی ڕاستەوخۆ .

**چوارەم:** هۆبەی کارگێری:

ئەرکی ئەم هۆبەیە وەرگرتنی نووسراوەکان و ئامادەکردن و چاپکردنی نووسراوەکانی بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری دەبێت بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**مادده (٤):**

**یەکەم:** بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی لەلایەن فەرمانبەرێك یان ئەفسەریك لە پلەی نەقیب کەمتر نەبێ بەڕێوەدەبرێت کەهەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس کەمتر نەبێت لەبوارەکانی (یاسا یان دەروناسی یان کومەڵناسی) و ڕاژەی لە(٥) ساڵ کەمتر نەبێت لەبواری خۆیدا.

**دووەم:** هۆبەکان بەشی سەنتەرەکان لەلایەن فەرمانبەرێك بەرێوەدەبرێت هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس کەمترنەبێت لەبوارەکانی (یاسا یان دەروناسی یان کۆمەڵناسی)و ڕاژەی لە(٣) ساڵ کەمترنەبێت لەبواری خۆیدا ، جگە لە هۆبەی کارگێڕی کەدەکرێت لەلایەن فەرمانبەرێك بەڕێوەببرێت هەڵگری بڕوانامەی پەیمانگا/کارگێڕی یان کۆمپیوتەر بێت .

**سێیەم:** لێپرسراوی بەشی سەنتەر و بەرپرس و فەرمانبەر و کارمەندانی هۆبەکانی دەرماڵەی(پیشەیی، مەترسی) بۆ خەرج دەکرێت بەپێی پسپۆری بڕوانامەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی.

**مادده (٥):**

کارڕاییەکانی کارکردنی لێژنەکانی ئاشتەوایی:

**یەکەم:** لێژنەی ئاشتەوایی لەبەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی بەفەرمانێکی کارگێری پێك دەهێنرێت لە لایەن بەرێوەبەرایەتی .

**دووەم:** خشتەیەکی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێکدەخرێت تێیدا ئەرکی کارکردنی ئەندامانی لێژنەی ئاشتەوایی بەشێوەی مانگانە ڕێکدەخرێت.

**سێیەم:** نوسراوەکانی دادگا یان نوسینگە یان بنکەکانی پۆلیس ڕاستەوخۆ ئاراستەی بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی/ هۆبەی ئاشتەوایی دەکرێت بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست.

**چوارەم:** پێویستە لێژنەی ئاشتەوایی لەماوەی یەك هەفتەدا لەگەیشتنی نوسراوەکان کاری پێویست ئەنجام بدات ولەماوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاپورتی کۆتایی ڕەوانەی لایەنی داواکاری نوسراوەکان بکرێتەوە.

**پێنجەم:** ئەگەر لەماوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاپۆرتەکە ئامادەنەکرا لێژنەکە هەموو مافە داراییەکانی شارەزایی ئەو کەیسە لەدەست ئەدات.

**شەشەم:** فۆڕمێکی تایبەت بەوەرگرتنی کەیسەکانی ئارەزوومەندانە ئامادە دەکرێت کەزانیاری هەردوو لایەنی ناکۆکی تێدا تۆماردەکرێت لەگەڵ بەڵێننامەیەك کە بە ئارەزوومەندانە داوای چارەسەرکردنی کێشەکەیان دەکەن.

**حەوتەم:** ئەو کەیسانەی لەبڕگەی (٦)ی سەرەوە ئاماژەی بۆکراوە ئەوانەن کەلەماددەی(٣)ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی( ١٩٧١ ) هەموارکراو ئاماژەیان بۆ کراوە کەسکاڵاکردن مافی ڕاستەوخۆی قوربانی یان نوێنەری یاساییەتی (تاوانەکانی مافی تایبەت).

**هەشتەم:**داتابەیسێکی ئەلکترونی بۆبەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی ئامادە دەکرێت تێیدا هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بەلایەنە ناکۆکەکان کراوە وەك ڕاوێژ و ڕاپورتی لێژنەی ئاشتەوایی یان چارەسەرکردنی کێشەکان و هەموو نوسراوەکانی پەیوەست بەم بابەتە جێگیر دەکرێت.

**ماددە (٦):**

لێپرسراوی بەشی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی ئەم دەسەڵاتانەی پێ ئەدرێت:

**یەکەم:** ناردن و وەرگرتنی نوسراو لە وبۆ دادگاکان ، بنکەکانی پۆلیس،نوسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان لەسنوری خۆیان ، جگە لەنوسراوی داواکردنی کەیس لەبنکەی داڵدەدان کەدەبێت بەواژووی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت.

**دووەم:** ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بنکەکانی تەندروستی لەسنوری خۆیان بۆ ئەو کەیسانەی پێویستیان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە جگە لەو کەیسانەی بنکەکانی داڵدەدان کەپێویستە بەواژووی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت .

**ماددە (٧):**

**یەکەم:** بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی دەتوانن لەبواری کاری خۆیاندا هەماهەنگی بکەن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و **(UN)** لەژێرچاودێری و بە ئاگاداری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی.

**ماددە (٨):**

**یەکەم:**دەبێت ئەندامانی لێژنەکانی ئاشتەوایی ناسنامەی شارەزایان هەبێت کەبەپێی یاسا و ڕێنماییەکان لەسەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی تایبەتمەند دەردەچێت.

**دووەم:** بۆ هەر ڕاپۆرتێك بڕی(٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت لە بودجەی بەڕێوەبەرایەتی وەك کرێی شارەزایی بۆ هەر کەیسێك.

**ماددە (٩):**

**یەکەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و لە(٢٠١٩/١/١) کاری پێ دەکرێت.

**دووەم:** کار بە هیچ نووسراو و ڕێنماییێکی تر ناکرێت لەدوای بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە .

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

هەرێمی کوردستانی عێراق

| | |
|---|---|
| وەزارەتی ناوخۆ | وزارة الداخلية |
| بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان | المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المراة |
| بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی | مديرية مكافحة العنف ضد المرأة |
| دژی ئافرەتان لە پارێزگای ( ) | في محافظة ( ) |
| سەنتەری راوێژکاری خێزانی | مركز الا ستشارات الاسرية |

---

**زانیارییە سەرەتاییەکان/ تایبەت بە خاوەن کێشەکە**

١ - ناوی سیانی:

٢- بەرواری لە دایک بوون:

٣- پیشە:

٤- رەگەزنامە:(                    )

٥- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار (   ) سەرەتایی (   )ناوەندی (   ) ئامادەیی (   ) بەکالۆریۆس (   )بەرزتر (   )

٦- شوێنی نیشتەجێبوون : (                    ) ، (ئاواره) (                    ) .

٧- جۆری نیشتەجێبوون: موڵکە (      ) کرێیە (      ) هاوپشکیە (      ) میریە (      ) .

٨- باری خێزانی: خێزاندارە (      ) سەڵتە (      ) .

٩- رەوشی ئابووری: باش نیە (      ) مامناوەند (      ) باشە (      ) زۆر باشە (      ).

١٠- ئایا روبەرووی توندوتیژی بۆتەوە؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

ئەگەر بەڵێ: کێیە و چ کاتێک؟

١١- جۆری ئەو توندوتیژیەی کە لێی کراوە: هەرەشە (      ) لێدان (      ) سێکسی (      ) هیتر (   ) .

١٢- پلەی مەترسی لەسەر ژیانی: نیە (      ) کەمە (      ) ناوەندیە (      ) زۆرە (      ) .

١٣- ژمارەی مۆبایلی کەسەکە:

ژمارەی مۆبایلی کەسی نزیکی:

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

| | |
|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ** | **وزارة الداخلية** |
| **بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان** | **المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المراة** |
| **بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی** | **مديرية مكافحة العنف ضد المرأة** |
| **دژی ئافرەتان لە پارێزگای (        )** | **في محافظة (        )** |
| **سەنتەری راوێژکاری خێزانی** | **مركز الا ستشارات الاسرية** |

---

**باری تەندروستی کەسەکە**

١- ئایا تووشی نەخۆشی دەرونی بووە ؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

٢- ئایا یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە ؟ شیزۆفرینیا (      ) ناتەواوی مێشک (      ) هستریا (      ) خەمۆکی (      ).

٣- ئایا یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە ؟ فشاری خوێن (      ) شەکرە (      ) تەنگە نەفەسی (      ) ژانەسەر (      ).

٤- ئایا دەرمانی نەخۆشی درێژ خایەن بەکاردێنی ؟ نەخێر (      ) بەڵێ (      ) چ دەرمانێک (      ).

**زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەو کەسەی کە کێشەت لەگەڵی هەیە**

١ -ناوی سیانی:

٢- شوێنی لە دایک بوون:

٣- پیشە:

٤- رەگەزنامە:

٥- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار (   ) سەرەتایی(   ) ناوەندی (   )ئامادەیی (   ) بەکالۆریۆس(   ) بەرزتر(   ).

٦- شوێنی نیشتەجێبوون: (      ) ، (ئاوارە) (      ) .

٧- باری خێزانی: خێزاندارە (      ) سەڵتە (      ).

٨- پەیوەندی ئەو لەگەڵ قوربانیەکە:

٩- ئایا پێشتر حوکم دراوە یان دەستگیرکراوە ؟ بەڵێ (      ) لەسەر چی (      ) نەخێر (      ).

١٠- ئایا پێتر خێزاندار بوو یاخود نا ؟ ( تایبەت بە کەسی خێزاندار ) بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١١- ئایا پەیوەندی دەرەوەی خێزانی هەیە ؟ ( تایبەت بە کەسی خێزاندار ) بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١٢- ئایا هاوڕێی خراپی هەیە ؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١٣- ئایا مەی دەخواتەوە ؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١٤- ئایا قومار دەکات ؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١٥- ئایا ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێت ؟ بەڵێ (      ) نەخێر (      ) .

١٦- ژمارەی مۆبایلی کەسەکە:

ژمارەی مۆبایلی کەسێکی نزیکی:

هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی
دژی ئافرەتان لە پارێزگای (          )
سەنتەری ڕاوێژکاری خێزانی

وزارة الداخلية
المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المراة
مديرية مكافحة العنف ضد المرأة
في محافظة (          )
مركز الا ستشارات الاسرية

---

**باری تەندروستی کەسەکە**

١- ئایا تووشی نەخۆشی دەرونی بووە ؟ بەڵێ (     ) نەخێر (     ) .

٢- ئایا یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە ؟ شیزۆفرینیا(     ) ناتەواوی مێشک (     ) هستریا (     ) خەمۆکی (     )

٣- ئایا یەکێک لەم نەخۆشیانەی هەیە ؟ فشاری خوێن (     ) شەکرە (     ) تەنگە نەفەسی (     ) ژانەسەر (     )

٤- ئایا دەرمانی نەخۆشی درێژ خایەن بەکاردێنی ؟ نەخێر (     ) بەڵێ (     ) چ دەرمانێک (          )

**{ پووختەیەک لەسەر کێشەکە}**

|   |
|---|
|   |

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی**
**دژی ئافرەتان لە پارێزگای (             )**
**سەنتەری راوێژکاری خێزانی**

**وزارة الداخلية**
**المديرية العامة لمكافحة العنف ضد المراة**
**مديرية مكافحة العنف ضد المرأة**
**في محافظة (             )**
**مركز الا ستشارات الاسرية**

---

## دانپێنان (اقرار)

من ____________ رەزامەندم لەسەر خستنەرووی کێشەکەم بۆ بەردەم شارەزایانی سەنتەری راوێژکاری خێزانی و من ئامادەم لەسەر هەوڵدانی ئەم سەنتەرە بە چارەسەرکردنی کێشەکەم و ئامادە دەبم لە هەرکاتێک پێویست بە من بکات و بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوە ئیمزام کرد و پەسەندم کرد.

**ئیمزا:**

**ژمارەی مۆبایل:**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٣٤٩٩/٤/٩ لە ١٢/١٢/ ٢٠١٨**

**ڕێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٨**
**ڕێنمایی لە شوێن دانانی فەرمانبەری گرێبەست**

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە/٣٦٩٦ لە ٢٠١٨/٧/٣٠ و خاڵی (٢)ی ڕێنماییمان ژمارە(١٤) ساڵی/٢٠١٨ کە پاڵپشت بە فەرمانیان ژمارە / ١٧٠٦ لە ٢٠١٨/٤/٢٢ دەرچووە ، لە کاتی ئاراستەکردنی نووسراوتان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی لە شوێن دانانی فەرمانبەری گرێبەست پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت :-

١- فەرمانگەکەی داوای کردبێت و بەفەرمی نووسراوی کردبێت کە پێویستی پێی هەیە .

٢- دەبێت میلاکی فەرمانبەری(فەصل) کراو هی ئەو ساڵە بێت کە فەرمانبەری نوێی تیادا لە جێی دادەنرێت .

٣- وێنەیەك لە فەرمانی لە کارلادانی فەرمانبەری لە کار لادراو هاوپێچ بکرێت .

٤- ئەو کەسەی لە جێگای دادەنرێت هەمان بڕوانامە و پسپۆریەتی هەبێت و لە نووسراوی فەرمی دا ئاماژە بە بڕوانامەی و پسپۆریەتی هەردوو لابکرێت .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٤/٩ ٩٠ لە ١/١٠/ ٢٠١٩**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی ئامادەکردنی خواردن

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٣٥٨٣ لە ٢٠١٨/٧/٢٤ و بە مەبەستی دابین کردنی خواردن بۆ (کارمەندان و نەخۆشەکان) لە نەخۆشخانەکان پێویستە ڕەچاوی ئەم میکانیزمەی خوارەوە بکرێت:-

**یەکەم: خواردن**

١- بڕی دابین کراو بۆ (٣) ژەم کەسەکان.

أ . لە (١) کەس تاکو (١٥٠٠) کەس مانگانە لە (٦٥٠٠) دینار تێپەر نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە

ب . لە (١٥٠١) کەس تاکو (٣٠٠٠) کەس مانگانە لە (٥٠٠٠) دینار تێپەر نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە

ج . لە (٣٠٠١) کەس بەسەرەوە مانگانە لە (٤٠٠٠) دینار تێپەر نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە

٢- بڕی پارەی دیاری کراوی سەرەوە بۆ (٣)ژەم خواردنە بۆ تاکە کەسێك (کارمەند یان نەخۆش).

٣- بڕەکانی سەرەوە بەرزترین رادەن.

٤- دابین کردنی خواردن بەپێی لیستی زانستی ئامادەکراو هەفتانە وەرزی دەبێت کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکان ئامادە دەکرێت.

٥- دابین کردنی خواردن لە ڕێی کەمگەری و بە پێ ی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی گرێبەستە گشتیەکانی ساڵی / ٢٠١٦ ی وەزارەتی پلان دانان دەبێت و کەمگەرییەکە لەسەر بنەمای خشتەی بە نرخەوە بێت واتە (کشف مسعر) و بەڵێندەران نرخی بە شێوەی یەك ڕێژە لەسەر گشت نرخەکان پێشکەش بکات.

٦- لە کاتی ئەنجام دانی گرێبەست لەسەر بنەمای پۆلینێکی سەرەوە پاش ڕێکارە پەیرەو کراوەکان ئەگەر لە مانگێکدا ژمارەکە زۆرتر بوو ئەوا بۆ ژمارەی زیاترەکە پێویستە کار بە پۆلینی سەرەوەتر بکرێت بۆ نموونە -:

- ئەگەر گرێبەست لەسەر بنەمای (١٥٠٠) کەس بێت ئەوا بۆ ژمارە زیادەکەی دەگەرێنەوە سەر بڕی(٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە جیاتی بڕی(٦٥٠٠) شەش هەزار و پێنج سەد دینار.

٧- لە پاش ئەنجام دانی پرۆسەی تەندەرین و گرێبەست پێویستە بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتمان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکار بکرێت بە مەبەستی پەسند کردنی و خەرج کردنی.

**دووەم:** ئەو گرێبەستانەی کە لە ساڵی دارایی / ٢٠١٨ جێ بەجێ کراون تاکو کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە و بۆ ساڵانی دواتر وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتمان کاری لەسەر دەکەن.

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لەرێکەوتی ٢٠١٩/١/١ جێ بەجێ دەکرێت ولە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**
**وەزیـــری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٨**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠١٥**
**تایبەت بە فراوانکردن و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣ لە ٢٠١٥/٢/٢٤) لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :-

هەموارکردنەوەی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕگە/٢ مادده / پێنجەم لە خاڵی / پێنجەم لە بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی پێنجەم جێبەجێ کردنی ئەم رێکارانەی سەرەوە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لەلایەن پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان پێك دەهێندرێت کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خۆوە بگرێت پاش دیراسەکردنی و ڕەزامەندیان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ (بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەرێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان) دەکرێت بە (گشت بەراییەکان و نەخشەی رەنگاو ڕەنگی ڕەسەن) دەرچواندنی(بەیان) و بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**ماددەی دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

## بەیانی ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١٨

### هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

### تایبەت بەرێکخستنی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەک

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ وئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٧٠٧٨ لە ٢٠١٨/١١/٢٢)و ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٤ لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە وئاماژە بە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٦ی ساڵی١٩٩٣ و بەیانمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ و گشتاندنمان ژمارە(١٩٤٩ لە ٢٠١٨/٢/٦) و بڕیارماندا :-

بە هەموار کردنی دووەمی ڕێنماییمان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٥ بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم:** هەموار کردنی ماددەی هەشتەم لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- بڕی(١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك بۆ یەکەم جار.

٢- بڕی(٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بە مەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك.

٣- لە کاتی بەسەر چوونی ڕێکەوتی کارپێکردنی ناسنامەی هەڵگرتنی چەك دەبێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ داواکاری نوێ کردنەوە پێشکەش بکات و ئەگەر لەم ماوەیە داواکاری پێشکەش نەکرد ئەوا ڕاستەوخۆ بۆ هەر(١) ڕۆژ دواکەوتن بڕی(٣٠٠٠) هەزار دینار لە خاوەنی مۆڵەتەکە وەردەگیرێت وەکو سزای دواکەوتن تاوەکو (٦٠) ڕۆژ و ئەگەر لە دوای ئەو ماوەیەش داواکاری نوێ کردنەوەی پێشکەش نەکرد ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

٤- لە کاتی دەرهێنانی یان نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك خاوەنی مۆڵەتەکە ئاگادار دەکرێتەوە و لە بوونی ئەم سزایەی کە لە بڕگەی(٣) هاتووە.

**ماددەی دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

## بەیانی
## (١)ی ساڵی ٢٠١٨

ئاماژە بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٣٦٥٤/٥ لە ٢٠١٨/١١/٢١).
وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- گواستنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی پێنجوێن کە سەر بەبەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجەیە بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی.

**سنان چەلبی**
**وەزیری داد**

وەزارەتی داد

**بەیانی**
**(٢)ی ساڵی ٢٠١٨**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی نۆیەم برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە -:

- کردنەوەی یەکەی یەکسانی جەندەر لە نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی داد لە دیوانی وەزارەتی داد

**سنان چەلبی**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە (١٠٤٢)لە ٢٠١٩/١/٢**

**بەیانی**
**(١)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێمان دراوە لە پێناو بەرژەوەندی کار بڕیاردرا :-

- جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی (گرێ بەستە گشتی یەکان و کاروباری یاسایی) لە دیوانی وەزارەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی (گرێ بەستە گشتییەکان ) و بەڕێوەبەرایەتی (کارو باری یاسایی ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی**

**(٥٨)ی ساڵی ٢٠١٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە -:

- گۆڕینی ناوی (سەنتەری چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی پیست) بۆ (سەنتەری شەهید جەبار شێخ فتاح ناسراو بە (دکتۆرنەبەز) بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی پیست) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی١٢/١١ /٢٠١٨

**بەیانی**

**(٦٠)ی ساڵی ٢٠١٨**

- کردنەوەی ( سەنتەری ددانی بێ کەس) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ١١/١٩ /٢٠١٨.

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**